ئاننا ماریا

# تا یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان زیاتر بێ پێوەندی نێر و مێ باشتر دەبێ



**✿ ئاننا ماریا دکتۆرا لە بواری توێژینەوەی ژێندەر، کولتووری ئەنترۆپۆلۆژیا، توێژینەوەی ڕەخنەیی بوارە جۆراوجۆرەکان لە یاسا و ئەکتیڤی ڕەگەزی، توێژینەوەی یاسا و زانستی مرۆڤ، یاسای ڕەگەزی جینائی، خزمایەتی،(هۆمۆسێکس)، ڕۆشنبیری ڕەگەزی، ڕۆشنبیری بنیادنانی منداڵ، ئەمەش لێدوانەکەی خاتوو ئاننا ماریایە بۆ گوڵان: ✿**

*** بیرۆکەی سەرەکی فێمینیزم ئەوەیە کە پێیوایە ئافرەت بەو هۆیەی کە ئافرەتە چەوساوەتەوە. لەبەر ئەوەی کە ژنە بۆیە هەمیشە و بە درێژایی مێژوو نابەرابەری لەدژ نراوە. ئەم تێزە تا چەند ڕاستە و تا چەندیش بەڵگەی زانستی پاڵپشتی لێدەکات؟** ئایا سەرهەڵدانی بیرۆکەیەکی وەها دەرەنجامی جیاکاری ڕەگەزی بووە؟

- ئەگەر بێت و سەیرێکی یاسا بکەین ئەوا دەبینین کەوا ئافرەت، منداڵ، خەڵکی هەژار و ڕەنگ جیاواز و ئەوانەی حەز بە ڕەگەزی بەرامبەر ناکەن، ئەوانە بە درێژایی مێژوو زۆر بە توندی چەوسێنراونەتەوە. بێبەشکراون لە مافی دەنگدان، بۆ بەخۆڕایی بڕیاردان لەسەر پێوەندیە تایبەتیەکانیان، زۆربوون، خاوەندارێتی موڵك، مافی میرات، خوێندن، چاودێری تەندروستی و نوێنەرایەتی پەرلەمان. لەمە زۆر زیاتریش دەتوانرێ بە چەوساندنەوە بژمێردرێ. کۆمەڵێك بەڵگەی ئاست بەرزیش هەن کە دوپاتی ئەمە دەکەنەوە لەگشت بوارەکانی زانستدا. لە وڵاتەکەی من ئافرەت بە پلە دوو (لەدوای نیوزلەندە)لە جیهاندا دێت کە توانیبێتی لەگەڵ پیاوە هەژارەکان بەیەکەوە مافی دەنگدان بەدەست بێنێ، لە ١٩١٨ لە وڵاتە نۆردیکیەکان ئافرەت سەبارەت بە خۆی تەنیا بەر لە ١٠٠ ساڵی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی مافی قسەکردنی هەبووە. لە هەندێ وڵاتانی دەوڵەمەندی ڕۆژئاواییشدا ئێستا ئافرەت تەنیا مافی دەنگدانی بۆ چەند ساڵێکی کەم هەیە. لە هەندێك وڵاتی وەك ئێرلەندا ئافرەت هێشتا مافی بڕیاردانی نییە سەبارەت بە زۆربوون و ڕەگەز، لەم بڕوایەدا نیم کەوا ئەم مێژووی چەوساندنەوەی ئافرەت هیچ پێوەندییەکی بە ڕەگەزپەرستییەوە هەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە دیاردەیەکی مێژووییە، جۆرێکە لە بەهەڵە بەرەوپێشچوونی هێز لە جیهاندا، بەڵام ئێمە دەتوانین ڕاستی بکەینەوە و شتەکان بۆ گشت خەڵك باشتر دەبن.

*** زۆرێك لە ڕووناکبیران و ژنانی ئازادیخوازی تێکۆشەر لەو بڕوایەدان کە فێمینیزم بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی چاکسازییە، هەندێکیش پێیانوایە کە ئایدیۆلۆجیایەکی تێپەڕ و کاتییە، هەروەك فەیلەسووفی گەورە (لیوتار) دەڵێت؟ تۆ لەو بڕوایەدای کە فێمینیزم ئایدیۆلۆجیا بێت؟ ئایا کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ئەرزشتی ئەوەی هەیە فێمینیزمی لێ لەدایکبێت؟**

- ئەمە ڕاستە، فێمینیزم وەك بزووتنەوەیەکی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە سەدەی ١٩ دەستی پێکرد، کاتێك یاساکان و بارودۆخی ئافرەتان لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان لێك گونجاو نەبوون، لەگەڵ دەرکەوتنی بیروڕای تازەی ڕۆشنبیران و دیموکراتە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ یەك نەدەگونجان. پێموایە فێمینیزم یەکێك بووە لە هێزە هەرە مەزنەکانی گۆڕان لە جیهاندا، هەر لەوەتەی دەرکەوتنی سۆشیالیزمەوە، بەڵام بە پێچەوانەی سۆشیالیزمەوە هیچ وڵاتێکی بەهەڵە دیزاینکراوی نەدۆزیەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی بەرچاو ژیانی بەرەوپێشبرد بۆ گشت مرۆڤایەتی لە گشت وڵاتەکاتدا.

یەکسانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ژیانێکی باشتر نەك تەنیا بۆ ئافرەت، بەڵکو بۆ پیاو، منداڵ، خەڵکی هەژار و ئەوانەی حەز بە ڕەگەزی بەرامبەر ناکەن و ڕەنگ جیاوازەکان و گروپە چەوسێنراوەکانی تریش.



فێمینیزم بزووتنەوەیەکی پراکتیکیە کە ئامانجی چاکسازی کۆمەڵایەتیە. لێکۆڵینەوە ژێندەرییەکان بەهۆی کاریگەری بزووتنەوەی فێمینیزمەوە هاتنە کایەوە. هەروەها بووە هۆی نرخاندنی لێکۆڵینەوە کریتیکە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە گشت بوارە ئەکادیمیەکان. ئەمە بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری کاتی نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی نوێی ئەکادیمیە کە دەتوانێ زانیاریمان پێ ببەخشێ سەبارەت بە مانا و پێکهاتەی رەگەز لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان، هەردوو دەوڵەتی دوای کۆمینیست و کۆمەڵگەی ئیسلامی، فێمینیزمی تایبەت بە خۆیان دروست کردووە، فێمینیستەکانی رۆژئاوا لەوانەیە بتوانن تیشك بخەنەسەر مێژووی پێشکەوتنی فێمینیستیمان، بەڵام ئێمە لەو پلە و پایەیەدا نین تا بە رۆژهەڵات بڵێین کە پێویستە چ جۆرە تیۆری و بزووتنەوەیەك دروست بکرێ. بەیەکەوە دەتوانین لەیەکتر فێربین و پێموایە ئێمە پێویستە پێوەندی کراوە و گوێزرانەوەیی ئەکتیڤی بیروبۆچوونەکان هاندەین لەنێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان توێژەرانی ئەنترۆپۆلۆجیا و رەگەز و باسکارانی رەگەزناسی زانستی سیاسی، لەوانەیە ئامۆژگاریکەری سوودبەخش بن لەم پێشکەوتنەدا.

*** ئایا دەتوانین حاشا لەوە بکەین کە ژن و پیاو، دوو رەگەزی تەواوکەری یەکترن، نەك دوو رەگەزی دژ و یەکتربڕی یەك بن...؟ ئایا دەتوانین واز لە جیاوازییەکانمان بێنین؟ ئایا یەکسانی** راستەقینە بە مانای سڕینەوەی **جیاوازییە فسیۆلۆجی و بایۆلۆجییەکان دێت، ژن بێتە شوێنی پیاو و بە پێچەوانەوەش یان یەکسانی راستەقینە دەبێ مانای دادپەروەری و نەهێشتنی ژێردەستەی بدات؟ دواجار هەر دەبێ ژن بە زەرورەت فێمینیست بێ؟**

- نەخێر هیچ کام لە فێمینیست و توێژەرانی رەگەزناس نایانەوێ پیاو بچەوسێننەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە فێمینیستەکان دەیانەوێ جیهان بکەن بە شوێنێکی باشتر و یەکسان تر نەك تەنیا بۆ ئافرەت، بەڵکو بۆ گشت پیاوانیش. تا یەکسانی نێوان رەگەزەکان زیاتر بێ پێوەندی نێر و مێ باشتر دەبێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا پیاویش دڵخۆشتر دەبێ.

فێمینیزم دەیەوێ جیهان بگۆڕێ بۆ ئەوەی کەس نەچەوسێندرێتەوە تەنیا بەهۆی ئەوەی کە ئەم کەسە سەر بە گرووپێك خەڵکی تایبەتە لەسەر بنچینەی رەگەز، ئایین،ئیتنیك، تەمەن، نەژاد یان رەنگ.

فێمینیزم شتێکی باشە. ئێمە پێویستیمان بە پیاو و ئافرەتی زیاتر هەیە کە ئالای مافی یەکسان هەڵبگرن. جیهان لەخۆیەوە هیچ کاتێك ناتوانێت»ئامادە» بێت تەنانەت پێشکەوتووترین کۆمەڵگەی دیموکراتی وەك سوید، بەڵکو ئێمە پێویستمان بە بەرجەستەکردنی خەیاڵەکانمان سەبارەت بە گونجاوی تەواوی مرۆڤ هەیە.

هەربۆیە پێویستیمان بە چەندین جۆر لە فێمینیزم هەیە. فێمینیزم بۆ یەکەم و گشت رەخنەی بەهەڵە پێشکەشکردنی هێزی پێوەندیەکان و نایەکسانی کۆمەڵایەتی. ئەمانە هەمووی نەك بۆ ماوەیەکی کورت لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەڵام ئێمە دەتوانین بەیەکەوە کار بکەین بۆ زیاتر راستکردنەوەی شتەکان لە وڵاتەکانمان.

پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەو رایەڵە بەیەکبەستراوە دەوترێت کە تاکێك لەناو کۆمەڵگە بە تاکەکانی دیکەوە دەبەستێتەوە ئیتر پێوەندی بە لایەنی خزمایەتی یان هاوڕێیەتی یان هەر هۆکارێکەوە هەبێت کە تاکەکانی کۆمەڵگە لەیەکتری نزیکدەکاتەوە، ئەوەش بەو مانایەی تاك بە تەنیا ناتوانێت بژیت و ژیان بەڕێبکات، بەڵکو پێویستی بە گرووپ یان کۆمەڵە کەسانێك هەیە تاوەکو بتوانێت لە گەڵیاندا بژێت و پێوەندییەکانی خۆی لە رووی سۆزداری و لە رووی ماددیەوە بنیاد بنێت، ئەگەر ئەو پێوەندییانە نەبووایە ئەوە هەر تاکێکی کۆمەڵگە بە جیا لەسەر لوتکەی شاخێك دەژیا، بەڵام بەهۆی پێویستی پێوەندی هەبوون لە نێوان تاکەکان کە بابەتێکی سرووشتییە و هەر لەسەرەتای دروستبوونی تاکەوە مرۆڤەکان هەوڵیانداوە بە ژمارەو بە کۆمەڵ بژین تا ئێستاش بەردەوامە، ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە ئێستا لە کۆمەڵگەکەماندا رۆژ دوای رۆژ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو لاوازبوون دەچن و تەنیا لە جەژن و بۆنە ئایینیەکان خەڵك سەردانی یەکتر دەکەن، بێگومان ئەمەش چەند هۆکارێك و فاکتەرێکی لە پشتە، بۆیە ئێمە لەم ریپۆرتاژەدا هەوڵ دەدەین ئەو هۆکارانە بورووژێنین:



# هۆکارەکانی لاواز بوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

د.بەشیر خەلیل حەداد:
لاسایی کردنەوەی خەڵکانی ئێمە بۆ ژیانی رۆژئاوایی و دەرچوون لە ژیانێکی گیانی و کۆمەڵایەتی بەهێز بەرەو پێوەندی سادە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان کرچوکاڵ کردووە

سەرەتا مامۆستا هێمن عومەر رۆژنامەنوس و توێژەری کۆمەڵایەتی وتی «هۆکاری لاوازی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازی هەیە و هەر یەکەیان هۆکاری تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام ئەگەر سەیری کۆمەڵگەی خۆمان بکەین ئەوە هۆکارەکان دیارن و تا سنوورێك ئاشکران، ئەگەرچی لە وەڵامی پرسیارێکی وادا کە دەستنیشانکردنە پێویستمان بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و داتای قسەکان هەیە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی قسەبکەین لە کۆمەڵگەی ئێمە لاوازی ئەو پێوەندییانە بۆ گەشەکردنی لایەنی ماددی بە خێراییەکی زۆر و گەشەکردنی لایەنی هۆشیاری و مەعنەوی بە کەمتر لە خێرایی ماددیەکەیە، ناتوانین بڵێین لە کۆمەڵگەکەمان گەشەکردنی لایەنی عەقڵی و مەعنەوی پێشنەکەوتووە، بەڵام ناشکرێت دان بەوە دا نەنێین کە کۆمەڵگەکەمان لە ئاست ئەو تەکنۆلۆژیا پێشکەوتووەی هەر لە مۆبایل و ئۆتۆمبێل و کەلوپەلەکانی ناوماڵ تا بچووکترین شت نەنێن کە هەریەکەیان پێویستیان بە هۆشیارییەکی باش و عەقڵیەتێکی باش هەیە، بەکارهێنەری مۆبایلت زۆرە، بەڵام هۆشیاری بەکارهێنەری مۆبایلت لاوازە، زۆرن ئەوانەی ئۆتۆمبێلی مۆدێل ٢٠١٠ لێدەخوڕن، بەڵام کەمن ئەوانەی کە بەعەقڵیەتێکی ٢٠١٠ بیربکەنەوە، ئەوەش گەورەترین گرفتی بۆ کۆمەڵگە دروستکردووە کە وایکردووە تاکەکان بەهۆی ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژیا ماددیە خێراییەوە بە ناڕاستەوخۆ بێئاگابن لە یەکتری و لە یەکتری دووربکەنەوە، کە هەر ئەمەش بووەتە لایەنێکی ئیرەیی حەسودی تاکەکان بە یەکتری و مونافەسەکردنی یەکتر لەسەر بە دەستهێنانی شتە ماددیەکان، کە ئەمەش

رق و کینــه و له یه‌کتــر و دوورکه‌وتنه‌وه‌ی دروســتکردووه‌، جگه له‌وه‌ش ئــه‌وه بووه‌ته هــۆی ئه‌وه‌ی زۆربه‌ی تاکــه‌کان هه‌وڵی به ده‌ســتهێنانی مادده بدات کــه ئه‌وه له‌لایه‌ك قازانجه تاکه‌کان فێری ئه‌وه ده‌بن به‌رهه‌مهێن بن، به‌ڵام له‌لایه‌ك زیانی هه‌یه و له یه‌کتریان داده‌بڕێت». سه‌باره‌ت به کاریگه‌رترین هۆکار مامۆســتا وتی «به‌هێزترین هــۆکار خێرا ڕۆیشــتنی لایه‌نی ماددیه به که‌م ڕۆیشتنی لایه‌نی مه‌عنه‌وی که ئه‌وه‌ش راســته‌وخۆ و نا راسته‌وخۆ تاکه‌کان له‌یه‌کتر دووره‌ده‌کاته‌وه‌، به نا راســته‌وخۆ تاکه‌کان رایه‌ڵه‌ی پێوه‌ندیان له ڕێگه‌ی مۆبایــل و ئینته‌رنێت ڕێکده‌خه‌ن که پێشــووتر بۆ ئــه‌و پێوه‌ندییــه به‌یه‌که‌وه داده‌نیشــتن و قســه‌یان ده‌کردو پێده‌که‌نین، ئــه‌وه‌ش پێوه‌ندییه‌که‌ی به‌هێزتــر ده‌کرد. به راســته‌وخۆش ئه‌وه‌یه تاکــه‌کان ئه‌و حه‌زه‌ی جارانیان بۆ ئه‌و پێوه‌ندیانه نه‌ماوه که ئه‌وه‌ش گه‌وره‌ترین کاره‌ســاته کــه کۆمه‌ڵگه‌که‌مان لــه داهاتوو باجه‌کــه‌ی ده‌دات که وا ده‌کات به‌ته‌واوی لێکدابڕان لــه نێوانیان ڕوو‌بدات و بــرا خه‌می برای نه‌بێــت و ته‌نیا له هه‌وڵی خــۆ ده‌وڵه‌مه‌ندکردن و خه‌مــی خۆیدا بێت که ئه‌ویش خه‌مــی ماددیه». چی بکرێت بۆ ئــه‌وه‌ی پێوه‌ندییه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان وه‌کو جارانی لێبێته‌وه مامۆستا هێمن وتی «زۆر شت هه‌یه که ده‌بێت بکرێت، ڕه‌نگه نه‌توانرێت هه‌موو شــتێك وه‌کو خــۆی لێبکرێته‌وه‌، بۆ نموونــه زه‌حمه‌ته شووشــه‌یه‌کی شــکاو به هه‌مــان جوانی خــۆی چاکبکرێته‌وه‌، به‌ڵام ناشکرێت ده‌ســتبه‌رداری بیت ئه‌گه‌ر بێت و له‌گه‌ڵ ئه‌و پێشــکه‌وتنه ته‌کنه‌لۆژیه لایه‌نه پێوه‌ندیداره‌کان له حکومه‌ت به‌شێوه‌یه‌کی باش پرۆسه‌یه‌کی به کۆمه‌ڵ راهاتن له په‌روه‌رده‌ی تاك دروســتبکه‌ن، واتا تاك لــه کۆمه‌ڵگه په‌روه‌رده‌یه‌کــی ته‌ندروســت وه‌ربگرێــت له خێزان دواتر لــه قوتابخانه دواتر له زانکۆ و له ســه‌نته‌ر و ناوه‌نده ڕۆشنبیرییه‌کان که به‌و په‌روه‌رده‌یه بتوانرێت ڕووبه‌ڕووی گه‌شه‌سه‌ندنی لایه‌نی ماددی به هۆشــیاری کۆمه‌ڵایه‌تی ببێته‌وه‌، ئه‌وه تا ســنوورێك چاره‌ســه‌ره بۆ دروستکردنه‌وه‌ی پێوه‌ندییه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان به‌شێوه‌یه‌کی ته‌ندروست، به‌ڵام ئه‌گه‌ر پرۆسه‌ی په‌روه‌رده به‌و شــێوه‌ی ئێستا له‌و مه‌له‌لییه‌دا بێت و لایه‌نه پێوه‌ندیــداره‌کان وه‌کو وه‌زاره‌تی کاروکاروباری کۆمه‌ڵایه‌تی له‌و ئاسته‌دا بێت که ئێستا ناتوانێت تۆڕی چاودێری خێزان به شــێوه‌یه‌کی ته‌ندروست دروستبکات و کاری له‌ســه‌ر بکات، ئه‌وه بێگومــان خراپتر بێت، باشتر نابێت».







دواتر ئاراس حه‌کیم مامۆســتا له به‌شی ده‌روونزانــی کۆلێژی پــه‌روه‌رده له باره‌ی فاکتــه‌ره‌کان وتی «بــه‌ڕای من یه‌کێك له فاکته‌ره سه‌ره‌کییه‌کان باری سیاسیه‌، ڕۆڵی ســه‌ره‌کی ده‌بینێت له پچڕانی پێوه‌ندییه‌کان جگه له لاواز بوونی، هه‌روه‌ها سه‌رمایه‌داری، چونکه به‌ڕێژه‌یه‌کی زۆر ئێستا خه‌ڵك زیاتر له کارێــك ده‌کات و کاتی به‌تاڵی نییه ئه‌و کاته‌ی هه‌یه‌تی ده‌بێت پشــوو بدات، چونکه ماندبــوو ده‌بێــت و گرنگی بــه پێوه‌ندییه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان نادات»، هه‌روه‌ها وتیشی «خێــرا هاتنی ته‌کنۆلۆژیا بۆ کوردســتان مۆبایل و ئینته‌رنێت و سه‌ته‌لایت بۆ نموونه ئێســتا هه‌ریه‌کێك ســه‌ردانی ناسیاوێکی بــکات ئــه‌وا له‌گه‌ڵی گفتوگــۆ ناکات، به‌ڵکو ســه‌یری فیلمێــك ده‌کات، بێگومان ئه‌مــه‌ش وا ده‌کات ئــه‌م پێوه‌ندییانه لاواز بن». ســه‌باره‌ت به‌هێزکردنی ئه‌م پێوه‌ندییه مامۆســتا ئاراس وتی «ناتوانین پێوه‌ندییه کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کان وه‌کو پێشــتر به‌هێز بکه‌ین، به‌ڵام ئــه‌و هۆکارانه‌ی که ئامــاژه‌م پێدان پێویســته ئه‌م هۆکارانــه لاواز بکه‌ینه‌وه». ئاماژه‌ی به‌وه‌شدا که ئێستا له ڕۆژانی جه‌ژن و بۆنه ئاینیه‌کان ئــه‌م پێوه‌ندیانه به به‌راورد له‌گه‌ڵ ســاڵانی رابردوو زۆر لاواز بۆته‌وه و ئه‌و گه‌رموگوڕییه‌ی نه‌ماوه.

د.به‌شیر خه‌لیل حه‌داد مامۆستای ئایینی له‌م باره‌یه‌وه وتی «چه‌ند هۆکارێك هه‌یه وا ده‌کات پێوه‌ندییه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان کرچوکاڵ ببێته‌وه‌، له‌وانه لاسایی کردنه‌وه‌ی خه‌ڵکانی ئێمه بۆ ژیانی ڕۆژئاوایــی و ده‌رچوون له ژیانێکــی گیانــی و کۆمه‌ڵایه‌تی به‌هێز به‌ره‌و پێوه‌ندی ســاده». وتیشی «نه‌مانی قه‌ناعه‌ت، چونکه خه‌ڵك پێشتر کاری ده‌کرد قه‌ناعه‌تی هه‌بــوو ده‌یتوانی به بڕه پاره‌یه‌ك به‌ڕێوه بچێت، ئێستا ئه‌و خه‌ڵکه‌ی پێشتر کار زۆر ده‌که‌ن و کاتیان نییه ســه‌ردانی یه‌کتر بکه‌ن، پێشــتر خه‌ڵك له بــاری ئابووری له یه‌ك ئاســت دا بوو، به‌ڵام ئێستا بۆته چاو لێکه‌ری، بێگومان ئه‌مه‌ش فاکته‌رێکی زۆر گرنگه بــۆ لاوازی بوونی ئه‌م پێوه‌ندییه». هه‌روه‌ها دکتۆر به‌شــیر ئاماژه‌ی به‌وه‌شــدا لاواز بوونی ڕۆشــنبیری ئایینی کاریگه‌ره‌، چونکه ئێســتا خه‌ڵك زیاتر بیــر له کاری دنیایــی ده‌کاته‌وه نه‌وه‌ك دواڕۆژ و قیامه‌ت، چونکه پێشــتر خه‌ڵــك بیــری لێده‌کرده‌وه‌، بۆیه ئــه‌م پێوه‌ندییانه‌ی به‌هێــز ده‌کرد، له باره‌ی چۆنیه‌تــی به‌هێزکردنــی پێوه‌ندییه کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کان دکتۆر ده‌ڵێت «پێویســته مامۆســتایانی ئایینی له وتاری هه‌ینیان تیشــك بخه‌نه ســه‌ر ئه‌و لایه‌نه و گرنگی پێبده‌ن و ئامۆژگاری خه‌ڵك بکه‌ن، هه‌روه‌ها له‌ســه‌ر مامۆســتایانی قوتابخانــه‌کان و مامۆستایانی زانکۆ و دایك و باوکانه ڕۆڵ بگێڕێن بۆ ئه‌وه‌ی پێوه‌ندییه کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کان وه‌کو جارانی لێ بێته‌وه‌، چونکه ئێســتا زۆر منداڵ هه‌یه خزمه نزیکه‌کانی دایك و باوکی یاخود خۆی ناناسێت، جا چۆن بتوانێت ئه‌م پێوه‌ندییه به‌هێز بکات، چونکه ئه‌م پێوه‌ندیانه ژیان جوانتر و شیرین تر ده‌کات».

له کۆتاییدا بۆمان ده‌رکه‌وت ڕۆژ به ڕۆژ پێوه‌ندییه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان به‌ره‌و کاڵبوونه‌وه و نه‌مان ده‌چێت، بۆیه ئه‌سته‌مه ئه‌م پێوه‌ندییانه وه‌کو ســاڵانی رابردووی لێبێتــه‌وه‌، ده‌بێت هه‌موومان هه‌وڵ بده‌ین به‌سه‌ر ئه‌م هۆکارانه زاڵببیــن و گرنگیه‌کی زۆر بــه پێوه‌ندییه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان بده‌ین و به‌هێزی بکه‌ینه‌وه وه‌کو ساڵانی رابردوو، بۆیه پێشینان ڕاستیان وتوه «ساڵ به ساڵ خۆزگه‌م به پار».

**مامۆستا هێمن عومه‌ر: کۆمه‌ڵگه‌ی ئێمه لاوازی ئه‌و پێوه‌ندییانه بۆ گه‌شه‌کردنی لایه‌نی ماددی به خێراییه‌کی زۆر و گه‌شه‌کردنی لایه‌نی هۆشیاری و مه‌عنه‌وی به که‌متر له خێرایی ماددیه‌که‌یه**

**مامۆستا ئاراس حه‌کیم: به‌ڕێژه‌یه‌کی زۆر ئێستا خه‌ڵک زیاتر له کارێک ده‌کات و کاتی به‌تاڵی نییه ئه‌و کاته‌ی هه‌یه‌تی ده‌بێت پشوو بدات، چونکه ماندبوو ده‌بێت و گرنگی به پێوه‌ندییه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان نادات**



# ئەو منداڵانەی لە سۆزی دایک و باوک بێبەشن

خێزان ئەو یەکە کۆمەڵایەتییەیە کە ژیانی هەموو ئەندامانی تێدا دەپارێزرێت، بەتایبەتی منداڵان پێویستیان بە خێزانێکی ئارام و تەندروست هەیە بۆ ئەوەی تێیدا گەشە بکەن و ژیانی تێدا بگوزەرێنن، لەداهاتوودا ببنە کەسێکی بەرهەمهێن بۆ کۆمەڵگە و کۆمەڵێك خۆشبەختی و هیواو ئاواتی گەورە بۆ کۆمەڵگە بەرهەم بهێنن، بەڵام لە ئەنجامی گەورەبوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و جیابوونەوەی دایك و باوك لە ژیانی هاوسەریان، جا بەهۆی مردنەوە بێت یاخود بەهۆی تەڵاقەوە بێت، لە ئەنجامدا کۆمەڵێك منداڵ دەبنە قوربانی ئەم دابڕانە کە دواتر کۆمەڵێك کێشەو گرفت لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و دەروونیان بۆ دروست دەبێت، لە ئەنجامدا ناتوانن ببنە کەسێکی بەرهەمهێن بۆ کۆمەڵگە، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی خانەی نەوجەوانانی کوڕان و کچانی سلێمانیمان کردوو هەریەك لە مامۆستا ئەنوەر بەڕێوەبەری خانەی کوڕان و پەروین نامیق توێژەری خانەی کچانی سلێمانی تایبەت بۆ گوڵان دووان.

**پەروین نامیق توێژەری کۆمەڵایەتی لە خانەی نەوجەوانانی کچان** "ئەو منداڵانەی کە بۆیان هەیە بچنە ناو خانەوە بەپێی یاسای تایبەت بە خانە وەردەگیرێن، ئەم منداڵانە یان دایکیان نەماوە یان باوکیان یان هەردوو پێکەوە نەماون یاخود لەیەکتری جیابوونەتەوە. پاشماوەی ئەم ڕووداوو کێشە کۆمەڵایەتیانە ئەم منداڵانەی ناو خانەن کە لەهەموو سۆزێك بێبەشن، ئەم منداڵانە لە ڕووی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان و کۆمەڵگە جیاوازییەکی بەرچاوو هەیە و لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە"، پەروین نامیق ئاماژەی بەوەدا کە ئەو جیاوازیە لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە کە منداڵی ناو خێزان بەقۆناغێکی پڕ لە میهروو خۆشەویستیدا تێدەپەڕێت، دواتر بەهۆی ئەو ڕووداوە ناجۆرەی کە بەسەریدا دێت، ئەو سۆز و خۆشەویستیە نامێنێت و بەرەو پەرتەوازە بوون دەچێت، جگە لەوەش زۆربەی ئەو منداڵانەی لەناو خانەدا ژیان بەسەر دەبەن، ئەو منداڵانەن کە لەخێزانێکی نا سەقامگیر ژیانیان گوزەراندوە، لە کەسایەتی ئەم منداڵانەدا چەندین کێشە هەیە، وەك بێتاقەتی بەر دەوامایان و هەیانە کەئابەیان هەیە، بەڵام بۆ گەڕاندنەوەی ئەم منداڵانە بۆ ناو ژیانی کۆمەڵایەتیان یەکێك لە ڕێگە گرنگەکانی ئەم دروستبوونەوەیان خوێندنی بەردەوامی منداڵەکانەو پەروین نامیق لەو بارەیەوە وتی "ئەو منداڵانە هەموویانمان لە بەر خوێندن داناوەتەوە و هەر خوێندکارێك بەپێی نزیك و دووری خوێندنگە ئاساییەکانی ناو شار. لەهەوڵی بەردەوامین بۆ گەڕانەوەی تەواوەتی ئەم منداڵانە بۆ ناو ژیانی ئاسایی کۆمەڵگە، کاریگەری دەروونی، ئەم منداڵانەی تەواو جیاکردۆتەوە لە هەندێك لەسیفاتی ئاسایی کۆمەڵایەتی، زۆربەیان تووڕەبوونێکی بەردەوام و زۆر توندیان هەیە، زۆربەیان لەکاتی گفتوگۆدا وەڵامی ئێمە دەدەنەوە کە ئەوان هیچ ئینتیمایەکیان بۆ ژیانی خۆیان نەماوە، بەڵام ئێمە وەك توێژەری دەروونی ئەم منداڵانە ئاگاداری تەواوی ئەوانەی دەکەین کە بەو شێوەیە تووشی ئەو جۆرە دڵ توندی و فشاری دەروونیە دەبنەوە.

**مامۆستا ئەنوەر** لە خانەی نەوجەوانانی کوڕان ئاماژەی بە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ئەو کوڕانەی ناو خانە دا، ئەو منداڵانەی لەناو خانەی نەوجەوانان ژیان بەسەردەبەن، ئەو منداڵانەن کە بەهۆی باری ناهەمواری ناو خێزان گەیشتونەتە ناو خانە، ئەم منداڵانە بە هۆی ئەوەی کە لەناو خێزانەکانیان کۆمەڵێك کێشە هەبووە وەك دابڕانی دایك و باوك یاخود لەدەستدانی دایك یاخود باوك کۆمەڵێك کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەسەر هەڵسوکەوتیان و دەروونیان بەجێ دەمێنێ، لەوانە نەمانی هەست و خۆشەویستی لای ئەم منداڵانە بووەتە هۆی نەبوونی ئارامی لای، بەهۆی ئەوەی کە ناتوانن پێوەندیەکانیان توندوتۆڵ ڕاگرن، کە ئەمەش ئەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێك گرفتی دەروونی لەوانە ئەم منداڵانە بەهۆی ئەوەی کە زۆربەیان لەناو ئەو خێزانانەدا بوون کە کۆمەڵێك کێشەو گرفتیان هەبووە بەهۆی ئەو کێشەو گرفتانە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە وای لەم منداڵانە کردووە کە تووشی کۆمەڵێك گرفتی دەروونی ببنەوە، ئەم منداڵانە هەندێك جار هەست بەگوناه دەکەن لەوەی کە بۆچی ئەمان خێزانیان نییە واهەست دەکەن کە خەتای ئەمان بووە.

سەبارەت بەوەڵامی پرسیاری ئێمە لەسەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و دەروونی منداڵانی ناو خانە مامۆستا یوسف عومەر وتی "منداڵانی ناو خانە دووجۆرن ئەوانەی کە دایك و باوکیان نەماون لەژیاندا ئەم منداڵانە هەست بەنەمانی جۆرێك لەهەست و سۆز دەکەن لە بەرانبەر باوکیاندا، باوك بۆ ئەوان ئەو وێنە جوانەیە کەبەردەوام خەونی پێوە دەبینن بەردەوام وێنەیەکی جوانی باوك و دایك لەزهنی ئەم منداڵانەیە واتە هەست بە ئەو کەمی دایك و باوکە ئەکەن کە بۆئەوان نەماوە، هیچ هیوایەکیان بەوە نەماوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو دایك و باوکە ببینەوە، جائەمە گرێیەکی دەروونی لای ئەم منداڵانە دروست دەکات کەباسی دایك و باوك بکرێت هەست بەو کەمیەی ئەوان دەکاتەوە وەك منداڵێکی ئاسایی نییە، بەڵام جۆری دووەم لە منداڵان ئەوانەن کە دایك و باوکیان لەیەك جیابووەتەوە، ئەمە جۆرێك لەدژایەتی لەناو ناخی ئەم منداڵانەدا دروست دەکات، ناتوانن ببنە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، لە هەموو دایك و باوکێك دەترسن، ناتوانن بەشێوەیەکی باش پێوەندیان لەگەڵ منداڵەکانی ناو قوتابخانە بەردەوام بێت، چونکە بەردەوام وێنەی ئەو دایك و باوکەیان لەبەرچاوە، بەردەوام کۆستی دابڕان لەگەڵ ئەم منداڵانە دەژی، بووەتە هۆی ئەوەی کە جۆریك لەتوندوتیژیان پێوە دیار بێت، چونکە کەسانێکن هەر لە بناغەوە لەناو کێشە بوونەو بیر لەوە دەکەنەوە ئەکرا ئەم دایك و باوکانە لەپێناو ئەماندا لەو دابڕانە خۆش بوونایە، هۆی ئەوەی دایك و باوکیان لە ژیاندا ماوەو ناتوانن بیبینن وێنەیەکی خراپی دایك و باوکیان دەکێشن، ئەگەر بێت و پێیان بووترێت وێنەی دایك و باوکتان بکێشن زۆر ناشرین وێنەیان دەکێشن بەڵام ئەوانەی کە دایك و باوکیان نەماوە وێنەی دایك و باوکیان زۆر جوان دەکێشن و پیرۆز پیشانی دەدەن، ئەم منداڵانە ئاسایی تەمەنی هەرزەکاری تێناپەڕێنن لە کاتی گۆڕانکاریەکانی هەرزەکاریاندا تووشی جۆرێك لە پەشۆکاوی دەبن، تەئسیر لە گەشەی هەرزەکاریان دەکات و تەئسیر لە گەشەی دەروونی زۆر جار تووشی جۆرێك لەلادانیان دەکات واتە هەست دەکەن لە مەترسیدا دەژین دواتر کە گەیشتنە تەمەنی هاوسەری ڕەنگە نەتوانن ئاسایی ژیان بگوزەرێنن، ناتوانن هیچ داهێنانێك بکەن بەهۆی ئەو ترسەی کە لەگەڵیاندایە، هەستێکی سەیریان تووش دەبێت کە واهەست دەکەن ئەمە کۆمەڵگە ئەم کێشەی بۆ دروست کردوون، بۆیە ڕقێکی کۆمەڵایەتیان لە کۆمەڵگە دەبێتەوە، ناتوانن ببنە تاکێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگە.

**مامۆستا شەهلا مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین** "هەموو منداڵێك مافی خۆیەتی کە لەناو خێزانێکی ئارام و تەندروست ژیان بەسەر ببات، واتە منداڵ بە نەمانی دایکی یاخود باوکی تووشی گرفتی پەروەردەیی دەبێتەوە. ئەو منداڵانەی ناو داڵدەگاکان ئەمانە بەسروشتی خۆیان جۆرێك لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و دەروونیان بۆ دروست دەبێت بە هۆی ئەوەی کە تووشی گرفتی دابڕان بوون لە دایك یاخود باوك یاخود هەردووکیان بۆ نموونە ئەگەر بتەوێت ببیتە هاوڕێیان دەرەنگتر لە منداڵێکی ئاسایی تێکەڵت دەبن و دەرەنگتر متمانەت پێدەدەن، هەتا ئەگەر هەشیان بێت خۆی بێنێتە پێشەوە، ئەوا تەمسیل دەکەن و دەیانەوێ ڕۆڵ بگێڕن، هیچ کات ناتوانن بە ڕووە ڕاستیەکەی مامەڵە لە گەڵ تۆدا بکەن، ئەم منداڵانە بەهۆی ئەوەی کە فەراغی خۆشەویستی و هەست و سۆزی هەیە لەنێوان خۆیان و باوکیان یاخود دایکیان، واتە لەکاتی دروستبوونی ئەم فەراغەدا مامەڵەیەکی ئیداری لەگەڵ دەکرێت، ئەوا دواتر لەناو کۆمەڵگە ناتوانێت تاکێکی کۆمەڵایەتی ئاسایی لێدروست ببێت کە بەبێ زیان ژیان بگوزەرێنێت، بۆ نموونە کچێکی تەمەن ١٥ ساڵم دواند لەکاتی سەردانم بۆ ئەو خانانەیە و وتم ناوت چییە؟ پێی وتم ناوم نییە و ناشمەوێت ناوم هەبێت، هیچ ئیمانێکم بەو ژیانە نییە! ئەمە هۆکاری ئەو فەراغی هەست و سۆزو خۆشەویستیەیە، لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە لەوانەیە زۆربەیان کەسانێك دەرچن کە دوورە پەرێز بن لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیاندا و متمانەیان بە خۆیان و بە دەوروبەریان کەمە کەسانێك دەبن کە ناتوانن مەحبوب بن لەناو خەڵکیدا، هەر ئەو گرێ و گۆڵەی لەناو مێشکیاندا چەسپاوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیاندا ڕەنگ دەداتەوە .



## لەسایەی نەبوونی سانسۆرێکی پەروەردەیی

# ژێرنووسی تەلـــەفزیۆنەکـــانیش

**دوابەدوای هاتنی ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیاوە لەگەڵ بوونی لایەنە باشەکانیشی، بەڵام بەهۆی خراپ بەکارهێنانییەوە، چەندین کێشەی کۆمەڵایەتیش لەگەڵ خۆیدا هێناوە. لەوانەش بڵاوبوونەوەی دیاردەی ژێرنووسی تەلەفزیۆنەکان کە بەڕاستی بوونەتە مایەی سەر ئێشە بۆ سەدان خێزانی ئەم کۆمەڵگەیە کە ئێستا کۆمەڵێك لەبازرگانەکان و تیڤییەکان لەبەر قازانج و بەرژەوەندی ماددی خۆیان، بێ گوێدانە لایەنە**

بۆچی کچانی ئێمە ئاڵوودە بوون بەم دیاردەیە؟

ئایا ئەمە کچان خۆیانن ئەم نووسین و نامانە بۆ تیڤییەکان دەنێرن، یاخود کوڕانن و بەناوەکانی کچان ئەم کارە دەکەن؟

جاری با ئەوانە بدوێنین کە ئەمجۆرە نامانە بۆ ژێرنووسی تیڤییەکان دەنێرن و بزانین هۆی ئەم کارەیان چییە، ئینجا زیاتر دەچینە ناو ئەم باسەوە. ( سایە جەمال ) خوێندکاری قۆناغی ناوەندی دەڵێت «شەوانە زیاتر لە ١٠ نامە دەنێرم بۆ ژێرنووسیی تیڤیەکان. چەند نامەیەکی بۆ هاوڕێیان دەنووسم، چەند دانەیەکیش بۆ خۆشەویستەکەم. ئێمە لە ڕێگەی نامەی تیڤییەکانەوە خۆمان خەریك دەکەین. لەبەر ئەوەی مۆبایلەکەم خۆشەویستەکەم بۆمی کڕیوە ناتوانم ئەوەندە قسەبکەین، بۆیە بەو نامانە ئاگاداری یەکتری دەبین هەر بۆ خۆشی کارتم بۆدەنێرێت. جا شەوانە بەبیانووی سەعی کردنەوە ئەو نامانە دەنووسین».

(سەحەر محێدین) کە پسپۆری کۆمەڵایەتییە پێیوایە کە زۆربەی خوێندکارە کچەکان بەهۆی ئەم دیاردەی نووسینی سەر شاشەی تیڤییەکانەوە تووشی جۆرێك لە ئیهمالی و کەمتەرخەمی لەبواری خوێندن بوونە. ئەو دەڵێ: زۆر جار کێشەکە لەو چوارچێوەیە دەرچووە، لەوانە بووە ببێتە هۆی کوشتنیش. من چومەتە هەندێك ماڵ بینیومە کە لەزگەی ڕەشییان لەبەشی خوارەوەی تەلەفزیۆنەکانیان داوە. ئەم کێشەیە بەزۆری تەمەنەکانی شازدە و حەڤدەساڵی گرتۆتەوە کەبەڕاستی تەمەنێکی یەکجار ناسك و هەستیارە و پێویستی بەچاودێرییەکی زیاتر و گەورەترەوە هەیە. بەداخەوە زۆربەشیان کچ و کوڕی هەرزەن. هۆکاری ئاڵوودەبوونی کچان بەم نامەو نووسینانە ئەوەیە کە کچانی ئێمە ناتوانن بە ویستی خۆیان یان بە شێوەیەکی سرووشتی بچنە دەرەوە بۆلای هاوڕێ و خۆشەویستەکانیان. واتە جۆرێك لە چەپاندنیان هەیە. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە باوك و دایك زۆر باش ناتوانن چاودێری منداڵەکانیان بکەن، چونکە بەڕاستی منداڵی ئەمڕۆش پەروەردەی زۆر قورس بووە...

(تریفە عەلی ) کە خوێندکاری پەیمانگایە دەڵێت «ڕۆژیك تەلەفۆنێکم بۆ کرا کچێك بوو، پێیوتم ئەمە مۆبایلی محەمەدە وتم نا مۆبایلی ئەو نییە. دیسانەوە دوای چەند سەعاتێك بۆی کردمەوە. پێموت: ئەم ژمارەی منت چۆن دەستکەوتووە بەناوی محەمەدەوە؟ وتی: ئەم ژمارەیەت لەسەر شاشەی (تەلەفزیۆنێك) نووسرابوو وتویەتی من محەمەدم کچێکی جوان پێوەندیم پێوە بکات. بۆیە منیش تەلەفۆنم بۆ کردی. بەڕاستی زۆر تووڕەو بێتاقەت بووم لەم ڕەفتارە نابەجێیە. دەبێت کێبێت ئەوەندە



# بوونەتە مایەی کێشە بۆ خێزانەکانمان


**پەروەردەییە یەکجار خراپەکانی بەسەر ئەم نەوەیە، بەخەرجییەکی زۆرەوە دنیایەك کێشەی کۆمەڵایەتیان دروست کردووە. لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە هەرکەسێك ڕقی لە یەکێك بێت دەتوانێ ژمارەی ئەو کەسە بڵاو بکاتەوە.**
**زۆر جاریش کچان و ژنان دەبنە قوربانی ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانە، بەتایبەتی کە زۆر جار ژمارە مۆبایلی کچان بڵاودەکرێتەوە..**

نابەرپرسیارانە ڕەفتار بکات و ژمارەی من بخاتە سەرشاشەی تەلەفزیۆن؟ تۆبڵێیت هاوڕێ و کەس و کاری خۆم بێت؟ وام لێهاتبوو ژمارەکەم بگۆڕم تا براکەم وتی ڕەنگە کەسێك بێت لەخۆوە ئەو ژمارەی نووسیبێت و تۆ دەرچوویت».

مامۆستا (سامان سیوەیلی ) لە سەنتەری ڕاوێژی خێزانی، پێیوایە کە ژێرنووسی لەکەناڵە تەلەفزیۆنەکاندا کاریگەرییەکی سایکۆلۆژی و پەروەردەیی خراپی لەسەر باری دەروونی تاك و خێزانی کۆمەڵگەی ئێمە بە هەردوو ڕەگەزییەوە هەیە. ئەمانە لەلایەك کاتمان لە گەنجەکان لێ بەفیڕۆ دەدەن. لەلایەکی تریش پارەیەکی زۆریان پێ خەرج دەکەن. ئەمانە لەتەمەنی هەرزەکارییەوە فێری ئەزموونی پێوەندی سۆزداری دەکەن، کە ئەمەش تووشی هەندێك حاڵەتی دەروونی خراپیان دەکات، بەهۆی شکستهێنانیان لەو بوارەدا. بەگشتی ئەو گەنجانەی کە لەم کرداری نامەنووسییەوە بەشدار بوونە، بەتەواوەتی ڕاهاتوونە لەسەر ئەم کارە. کە کاریگەری خراپیشی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان و خێزانەکانیان دروست دەکەن و هەموو کاتە باشەکانی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن لە پێناوی ئەم ڕەفتارە بێسوودە کە هەموو ئەزموونی خوێندنی ئەم گەنجانە دەخاتە بەر مەترسی و لەهەمان کاتیشدا هەمیشە چاوەڕێی ڕوودانی شتێکی ترسناکن کە بۆخۆشیان نازانن چییە. بێ لەوە ئەو کچانەی پەنا بۆ ئەم ڕەفتارانە دەبەن هەست بە نامۆیی و نائارامی دەکەن لەناو خێزانەکانیاندا، بۆیە پێویستە خێزانەکان لە سەرپەرشتیکردنی منداڵەکانیان زیاتر هۆشیار و چاوکراوە و هەستیار بن، بەتایبەتی لە قۆناغی هەرزەکاری کە زیاتریان پێویست بە چاودێری هەیە».

سەبارەت بەو کەسانەش کەدەچێتە سەنتەری ڕاوێژی خێزانییەوە مامۆستا (سامان ) ئاماژەی بەوەدا کە چەندین کەیسی جۆراوجۆر لە سەنتەرەکەیان چارەسەر کراوە و زۆربەی کەیسەکانیش لەسەر کێشەکانی کچان بووە. بۆ نموونە چەندین کچ هەبووە دوای بەستنی پێوەندی لەگەڵ کوڕەکە و گۆڕینەوەی وێنەکان ئێستا کوڕەکە دەڵێت ئەگەر پێوەندی سێکسیم لەگەڵ نەبەستی ئەوە وێنەکانی لە مۆبایل و ئینتەرنێتدا بڵاو دەکەمەوە، کە دواتر چەندین کێشەی تر هاتۆتە کایەوە، بۆیە داوا دەکەم کە گەنجانی ئێمە زۆر هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم ئامێرەدا بکەن بۆ ئەوەی کەمترین کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانیان بۆ دروست ببێت».

دوا وتەشمان ئەوەیە کە پێویستە دامودەزگا و لایەنە پێوەندارەکان بەتایبەتیش وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردە سانسۆرێکی پەروەردەیی و زمانەوانی و یاسایی لەسەر ئەم تەلەفزیۆنانە دابنێن و پارێزگاری لە دوارۆژی نەوەکانی داهاتوومان بکرێت و ڕاددەیەك بۆ ئەم پشێوی و بێ بەرنامەیی و بێ سەر و بەرییە دابنرێت...



**بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال**
**بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :**
**Mobile: 07504944607 Email: komelayeti@gulan-media.com**